# دوو چاو دۆزەخ بەریان ناکەوێت: چاوێک لە ترسی خوای گەورە بگری، وچاوێک لە پێناو خوای گەورە پاسەوانی بگرێت

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دوو چاو دۆزەخ بەریان ناکەوێت: چاوێک لە ترسی خوای گەورە بگری، وچاوێک لە پێناو خوای گەورە پاسەوانی گرتبێت».
[صەحیحە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: چاوێک لە ترسی خوای گەورە گریا بێت ئەوا دۆزەخ پێی ناگات وبەری ناکەوێت، کاتێک مرۆڤ بیر لە مەزنی خوای گەورەی دەکاتەوە وبیر لە دەسەڵاتی دەکات بە سەر بەندەکانیەوە، وسەیری حاڵی خۆی وکەموکورتی دەکات بەرامبەر فەرمانەکانی خوای گەورە؛ ئەوا دەگری وەکو ڕەجا وهیوایەک بە ڕەحمەتی خوای گەورە ولە ترسی سزا وتوڕەیی خودا؛ بۆیە ئەم جۆرە کەسە مژدەی پێدراوە بە ڕزگاربوون لە دۆزەخ. وچاوێکی تر دۆزەخ بەری ناکەوێت وپێی ناگات: ئەوەیە کە شەونخونی دەکات بۆ پاسەوانی کردن لە پێناو خوای گەورە لە سەنگەرەکانی جەنگدا بەرامبەر دوژمن ئەمیش بۆ پاراستنی ڕۆحی مسوڵمانان. کاتێک دەفەرموێت: (ئاگری دۆزەخ بەریان ناکەوێت وپێیان ناگات): لێرەدا باسکردنی بەشێکە لە لاشە ومەبەست لێی هەموویەتی، واتە هەر کەسێک لە ترسی خوای گەورە بگری وهەر کەسێک لە پێناو خوای گەورە پاسەوانی بکات؛ ئەوا خوای گەورە لاشەی ئەم دوو کۆمەڵە حەرام دەکات لەسەر دۆزەخ.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee